# بۆچی من دیموکراتم؟

جۆرج تەرابیشی          و / کامیل محەممەد قەرەداغی

هەندێکی نوسەران بەپێچەوانەی شەپۆلەوە نەبێ ئارەزووی مەلە ناکەن، چەند شەپۆلەکە زاڵ بێت ئەوان ئارەزووی ئەو مەلەکردنەیان پتردەبێت. ئەم نوسەرەشمان(ڤلادیمیر ڤۆلکۆف) بەمشێوەیەیە، ئەو رۆماننوسێك و پسپۆرێکی باڵایە لەرەخنەکردنی مومارەسە میدیاییە باوەکان لەگەڵ دیموکراسیدا، لەوێدا کە زۆربەی خەڵك حەجیان دەبەن بۆ پەرستگاکەی دیموکراسی، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی بە کڵۆمبوویی بگەڕێتەوە.

خاڵی دەستپێك لە رەخنەکردنی دیموکراسیدا پێناسە ناودارەکەی(چەرچڵ)ە بۆ دیموکراسی: تەنانەت لەبارێکیشدا ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە لەناو سیستەمەکانی فەرمانڕەواییدا ئەو کەمتر خراپەی هەیە، ئەوا ئەمە رێگەی ئەوە ناگرێ کەئەویش سیستمێکی خراپ بێت.

سیستمە فەرمانڕەواکانی تر لەسەر پێوەرەکانی (وەچە، یان سەرمایە، یان هێز، یان رێکەوت)رادەوەستن، رەنگە هەموو ئەمانەش کۆمەڵە پێوەرێکی رەتکراوەبن، بەڵام ئەو پێوەرەی کە دیموکراسیی لەسەر رادەوەستێت پێوەری ژمارەیە، ئەمیش ئەگەری رەتکردنەوەی لەوان کەمترنیە.

دیموکراسی چەندایەتی دەخاتە پێشی چۆنایەتییەوە، سندوقی دەنگدان دەخاتە پێش سندوقی کەللەسەرەوە، ئەو ئەولەویەتی رەها دەداتە ژمارەی دەنگدەران نەك چەشنەکەیان، ئەگەرچی لە راستیداو لەسروشتدا هەرگیز هیچ تاکەکەسێك لەگەڵ تاکەکەسێکی تردا یەکسان نابێت. دیموکراسی بەتێزە یەکسانخوازییەکەیەوە سیستمێکی ناسروشتییە بەڵکو بگرە –وەك خودی رۆسۆیش– تێبینیی کردووە سیستمێکی دژی سروشتە، چونکە سروشت بۆجیاوازی و هەڵاواردن دامەزراوەو دیموکراسیش کار بۆ دامەزراندنی یەکسانییەك دەکات بەناوی نموونەیەکی باڵای موجەرەدەوە. سیستمی دیموکراسی خۆی دەخاتە سەنگەری ناکۆکی و سیستمی ئەرستۆکراتییەوە، ئەگەرچی ئەرستۆکراتیزم بێشوومار لەو سروشتی ترە. ئەوەتا سروشت بەخۆڕسك مەیلی دەرپەڕاندنی دەستەبژێرە ئەرستۆکراتییەکانی هەیە، چ ئەرستۆکراتەکانی خوێن بن، یان هی سەرمایە، یا هی هێز و میراتی و بەهرەو شیاوی، کە ئەمانە هەمیشەو بەپێی پێناسەش هەر کەمینەن، دیموکراسی ئەم یاسا سروشتیەش دەشکێنێ بۆئەوەی مافی فەرمانڕەوایی کردن نەداتە بەهێزترین، یان بەزیرەکترین، یان بەشیاوترین، بەڵکو بیدات بە زۆرترین ژمارە . ئەوە بەڵگەنەویستە کەکەس لاریی لەوە نیە کەژمارەش گرنگی خۆیی هەیە، بەڵام ژمارە هەیەو ژمارەش هەیە، بۆ نموونە کاتێك کە ژمارەیەك لە پسپۆڕان کۆدەبنەوە، لەو گریمانەیەوە کەهەموویان کارامەیی وەك یەکیان هەبێ بۆئەوەی سەبارەت بەهەڵوێستێکی دیاریکراو حوکمێك بدەن، یان بڕیارێك دەربکەن، وەك ئەوەی ئەفسەرانێکی هەیئەی ئەرکان پلان

بۆ شەرێك دابنێن، یان كۆمەڵێك پزیشك لەلای جێگەی نەخۆشێكەوە رابوەستن. ئەوە شتێكی لۆژیكی دەبێت كە ئەو بۆچوونە بگرنەبەر كە زۆرترین ژمارەیان لەسەری كۆك بن، بەڵام ئەگەر شتەكە لەكارامەیی بەدەربێ ئیتر ژمارە مانای نابێ.

وەك ئەوەی(سنیكا)ی فەیلەسوفی رەواقیی رۆمانی تێبینیی كردووە لەوانەیە بۆچوونی جەماوەر هێمای خراپترین بۆچوون بێت لە هونەری سیاسەتدا (كاتێك كە سیاسەت وەك هونەر پێناسە دەكەین ئەوە بەومانایە نایەت كە پێویست بێت لەلایەن دەستەبژێرانەوە پیادەبكرێ) (غاندی)یش ئەوەی خستەسەر كەدەڵێت(هەڵە، نابێت بەهەق، تا چەندبارە نەبێتەوە) بەهەرحاڵ، دیموكراسی لەوەدا درۆدەكات كە دەڵێت مافی فەرمانڕەوایی دەدات بەگەورەترین ژمارە. ئەوەتا لەدیموكراسیدا هەڵبژێرەران لەناو خۆیاندا یەكسان دەبن، بەڵام هەرگیز لەگەڵ هەڵبژێردراواندا یەكسان نابن، لەبەرامبەر سندوقی دەنگداندا یەكسان دەبن، بەڵام هەڵبەتە لەكورسیی فەرمانڕەواییدا یەكسان نابن. دێرینترین دیموكراسی لەجیهاندا كە زۆرترین نوێنەرایەتیی كرۆكی سیستمی دیموكراسی بكات–مەبەست لەدیموكراسی ئەمریكایە– گەواهیدەری ئەوەیە كە ئەوەی لە دیموكراسیدا فەرمانڕەوایی دەكات گەورەترین ژمارە نییە. بەڵكو ئەو بچووكترین ژمارەیە كە بەسێ سنوور سنووردارکراوە(خێزانەگەورەكان، سەرمایە گەورەكان، زانكۆ گەورەكان)، ئەگەر بەناوازەیی نەبێ( ناوازەیەك كە رێساكە بسەلمێنێت) كەم هەڵدەكەوێت كەسێك لە( گەلە بچووكەكە) فەرمانڕەوایی ئەمریكا بكات. ئەگەر یەكێك هێماكانی سیستمە تۆتالیتێری یان دیكتاتۆرییەكان ئەوەبێت كە ئەم سیستمانە چاودێرییەكی پێشوەخت دەخەنە سەر لیستی پاڵێوراوەكان، ئەوا لە ئەمریكای دیموكراسیدا پارە شوێنی ئەو چاودێرییە پێشوەختە دەگرێتەوە، چونكە كەسانی خاوەن ملیۆنەكان نەبن ناتوانن ئەركی قورسی پڕوپاگەندەكانی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرن كە ملیۆنانی تێدەچێت، لەبەرئەوە ئەوە سەیرنابێت كە نەریتی دیموكراسی ئەمریكا وابێ كە دامەزراندنی باڵوێز و كونسڵەكان لەنێوان ئەو خەڵكە خاوەن سەرمایە گەورانەدا بێت، كەلەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا (تەبەڕوع)یان بۆ سەرۆكی هەڵبژێردراو كردووە.

بەهەرحاڵ لەناو دیموكراسیی ئەمریكایی و بەریتانیاشدا رێژەی ژمارەش رێورەسمی پێشوەختی بۆ دادەنرێ. چونكە ئەنجومەنی پیران لەئەمریكاو ئەنجومەنی لۆردەكانیش لەبەریتانیا بۆیان هەیە هاوسەنگییەكی دەستەبژێری، یان تەنانەت ئەرستۆكراتێكی چۆنایەتی بۆ زۆرینەی ژمارەی هەڵبژێردراوانی دیموكراسی لەئەنجومەنی نوێنەران، یان ئەنجومەنی گشتیدا مسۆگەر بكەن. دیموكراسی لەهەموو بارەكانیدا، بەوشێوەیەی كە لە سەدەنوێكاندا چارەنوسەكانی پێگەیشتووە نەوویبونێكی گەورەی چونایەتی دەنوێنێ. چونكە لەرۆژێكدا كە بۆرژوازی وەك چینێكی هەڵكشاوی نوێ لەمێژوودا دیموكراسیی داهێنا، مەبەستی لەو دیموكراسییە ئەوەبوو كە یەكسانییەكی لەسیاسەت و مافدا لەگەڵ چینە ئەرستۆكراتییە خانەدانەكەدا بۆ دروست بكات.

هەروەها کاتێکیش کە هونەری چەپڕەوی لەسەدەی نۆزدەدا روناکیی بینی، ئەویش بیرۆکەی دیموکراسیی بۆرژوازیی لەبەرچاوگرت، بەلاَم بۆئەوەی لە بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا (وەك چینێکی هەڵکشاوی نویَ، بیخاتەگەڕ) ئابەم مانایە(گۆستاف فلۆبیر)ی (رەجعی) بۆ(جۆرج ساند)ی (پێشکەوتنخوان) دەنوسیَ دەڵیَ( هەموو خەونەکەی دیموکراسی ئەوەیە کەخەڵکی پرۆلیتاری بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی گێلێتیی بۆرژوازی و ئەو خەونەشی بەشێوەیەکی لاوەکی هاتۆتەدی). بەلاَم دیموکراسی ئۆپۆزسیۆن (وەك ڤلادیمیر ڤۆڵکۆڤ) دەڵیَ ئاراستەی شتەکانی پێچەوانە کردۆتەوە: لەهەوڵدانیدا بۆ سازاندنێکی رووکەشەکان، لەبریی ئەوەی کار بۆ ئەوە بکات ئاستی نزم بۆلاَی ئاستی بەرز بەرز بکاتەوە، بەرزەکە بۆلاَی نزمەکە نزم دەکاتەوە، واتە بۆرژوازی دەهێنێتە ئاستی پرۆلیتاری. بەبیَ ئەوەی کە پرۆلیتاریای پاتاڵ لەچاو ون ببیَ، بۆرژوازی سەردەمە هاوچەرخەکانیش بووە بە بۆرژوازییەکی پاتاڵ. ئەمەیە کە بەشێوەیەکی گشتی پێمان دەڵێت دیموکراسیی نویَ و چاخی نەزانی هیچ رەهەندێکی جوانی نییە. چونکە جوانی و –لەگەڵ ئەویشدا هونەر– بەش و بەهرەی ژمارە نین، بەڵکو بەش و بەهرەی چەشنن، کەی جوانی یان هونەر بوون بەدیموکراسی لەوە دەتەکنەوە کە جوانی و هونەر بن.

ئیتر ئەوە سەیرو سەرسووڕهێنەرنییە کە رەهەندی جوانی بەتەواوی لەناو ئەزموونی سۆشیالیستیی، شورەوی و ناشورەیدا وەك یەك ون بووبیَ، چونکە سۆشیالیستەکان لەنەزعەی یەکسانیی ژمارەیی رەهادا پەڕگیرترین دیموکراسین. بۆیە ئەوشتە بەسەر زەوقی بالاَدا تێناپەڕیَ و پێی ناسەلمێنریَ کە (دیکارت) لەسەر ئاوەز ووتویەتی دادپەروەرانەترین دابەشکردنی لەنێوان خەڵکدا بۆ کراوە. لەبەرئەوە ئیتر سەیریش نابێت کە زەوق لە جیهانی دیموکراسیی ژمارەییدا وون بوبیَ، بەتایبەتیش کاتێك کەسیفەتی(سۆشیالیستی) یان(تۆتالیتێری) دەلکێنن بەدیموکراسیەکەیانەوە.دواشت، بەلای نوسەرەکەمانەوە ئەوەیە هەمیشە دیموکراسی بەمەترسیی( تۆتالیتێری)دووگیانە، چاوخشاندنێکیش بەمێژوودا پێشانمان دەدات کەهەرگیز لەرژێمە پادشایی، یان ئەرستۆکراتی یان ئۆلیگارشییەکانەوە، تۆتالیتێری و رژێمی شمولی لەدایك نابن، بەلاَم لەبەرامبەردا هەمیشە هەموو تۆتالیتێریەکان جاڕی ئەوەیان داوە کەدەست بەنمونە بالاَکانی دیموکراسییەوە دەگرن.

لەهەموو ئەزموونە مێژووییەکانی رژێمە شموولییەکاندا دیموکراسی قۆناغێکی ناوەندی بووە بۆ تۆتالیتێری. ئەوەتا لەپێش چاخی تیرۆری رۆبسبیرییەوە شۆڕشی (1789)ی دیموکراسی هەبووە. لەپێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەفیشەوە، شۆڕشی فەبرایەر هەبووە، کە وەك(لیبراڵ)پێناسەکراوە. خودی هێتلەریش بەپێی چەند هەڵبژاردنێکی دیموکراسی چۆتە کورسی فەرمانڕەواییەوە کە گومانیان لیَنەکریَ. ئەمانەش لەبەرئەوەی کە دیموکراسی لە پێناسەکردنەکەیدا رەهایە، کاتێك کەخۆی وادەناسێنیَ(کەفەرمانڕەواییکردنی گەلە بەگەل و بۆ

گەل) بەو پێناسەیە ئاستی نەزعە ئاکارییەکەی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی رەهایی، نموونەی ئەم شێوازە سیانییە داخراوە پێشوەخت دەرگا لەبەردەم هەر پێداچوونەوەیەکدا دادەخات کە بۆپێشەکییەکانی دیموکراسی بکرێ.

ئەم شتە بەشێوەیەکی لاوەکی نەرم نەبوونی دیموکراسی پیشاندەدات، چونکە دیموکراسی جگە لەڕێگاکەی خۆی لەگەڵ هیچ تیۆرێکی ترو هیچ رێگایەکی تری فەرمانڕەوایی یان گوزەرانکردندا هەڵ ناکات، ئەو لەگەڵ ئەوەشدا کە بانگەشەی لێبوردن دەکات، هەرگیز جگە لەخۆی لێبووردنی بەرامبەر هیچی تر نیە.

ئەوەندە ماوە کە بڵێین ئەوەی لە رانانی بۆچوونە( نیوە دیموکراسییەکانی) ئەم نوسەرەماندا خوومان پێوە گرتووە((لێبوردنە)). ئێمە وازمان لێهێنا خۆی چیی دەوێت بیلێت، بەبێ ئەوەی ئێمە مافی دیموکراسیانەی خۆمان لەنەیاری دەربڕینی و گفتوگۆکردن و وەڵامدانەوەی بەهانە بە بەهانە بەکاربهێنن، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کاتێك کەشتەکان بکرێن بە (گۆماو) وەك ئەوەی کە بەلای کەمەوە تائێستا لەناو کەلتووری عەرەبی هاوچەرخدا روودەدات، رەنگە مەلەکردن بەپێچەوانەی شەپۆلەکەوە بۆ بەهێزکردنی دمارەکانی مێشك(ئەگەر ئەم دەربڕینە شیاوبێ)بەسوودبێ. دیارە هەربیرکردنەوەیەکی تریش بیرکردنەوەیەکی خوازراوە، تەنانەت ئەگەر پێشێل کردنی پیرۆزییەکانی دیموکراسیشی تێدابێ.

**سەرچاوە /**

الحياة —التيارات/ 11-8-2002